گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper11

ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 2023/07/07
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2023/09/01
ڕێـكەوتی بڵاو كردنەوە: 2024/4/29

# پەیوەندیی نێوان کارامەیی میدیاکاران و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستان
# فەیسبوک وەک نمونە

**بروا عوسمان ڕەحمان[١] - پ.ی.د. حكیم عثمان حمید[٢]**

brwa.othman.r@spu.edu.iq hakim.othman@spu.edu.iq

[٢+١]بەشـی تەكنیكی میدیا، كۆلێژی تەكنیكی كارگێڕی، زانكۆی پۆلیتەكنیكی سـلێمانی، سـلێمانی، هەرێمی كوردسـتان، عێراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە هۆكارییەكانە بە میتۆدی وەســفی و بە ڕێبازی ڕوپێو ئەنجام دراوە و بۆ دەســـتكەوتنی زانیارییەكان توێژەر پشـــتی بە ئامرازی فۆرمی ڕاپرســـی بەســـتوە. بەپێی سـەرنجدان و تێبینیكردنی توێژەر بۆ دەزگا میدیاییە كوردییەكان لە هەرێمی كوردستان، دەركەوت كە ژمارەی ئەو میدیاكارانەی بەشـــدارن لە بەڕێوەبردنی پەیجی فەیســـبوكی دەزگا میدیاییەكانیان ٥٠٠ میدیاكارە، لەو ژمارەیەش توێژەر ١٤٥ میدیاكاری وەک ســـامپڵ وەرگرتوە كە دەكاتە ڕێژەی سەدا ٢٩ی میدیاكارانی بەشدار لە بەڕێوەبردنی پەیجی فەیسبوک.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی زانســـتییە بە ئامانجی زانین و دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان كارامەیی میدیاكاران و بەڕێوەبردنی تۆڕی كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردســـتان، كە تیایدا فەیســـبوک وەک نمونەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان وەرگیراوە، هەروەها دیاریكردنی ئاســـتی كارامەییەكانی میدیاكار لە میدیـای دیجیتـاڵیدا پەیوەســـت بە هەر یەک لە بوارەكـانی (بەرهەمهێنـان و ســـازاندنی دەق، تەكنەلۆجیای زانیاری، تەكنیک، كاركردن لە تۆڕی كۆمەڵایەتی).

بەرچاوڕونیی تەواویش دەدات بە میدیاکارانی هەرێمی کوردســـتان کە چۆن مامەڵە لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشـــتی و فەیســـبوک بە تایبەتی بکەن و بتوانن بە شـــێوەیەکی دروســـت بەڕێوەیبەرن.

لەم تویژینەوەیەدا تویژەران گەیشـــتون بەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندییەکی ئاماریی ڕاســـتەوانەی بەهێز هەیە لە نێوان (ئـاســـتی کـارامەیی میـدیـاکـاران و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان)، بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەگەڵ بەرزبونەوەی ئاســـتی کارامەییاندا، میدیاکاران دەتوانن باشـــتر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەبەرن و لەناویاندا فەیســـبوک. هەروەها بۆ ئەوەی میدیاکار لە کارکردنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ســـەرکەوتو بێت پێویســـتی بە کۆمەڵێک کارامەیی هەیە، کە گرنگترینیان؛ خۆگونجاندن لەگەڵ ســـروشـــتی تۆڕەکە، کارلێککردن لەگەڵ وەرگر، شـــیکردنەوەی ئاماری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سەلامەتیی هەژمار.

**کلیلە وشەکان:** کارامەیی میدیاکار، بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی، فەیسبوک.

## پێشەکی

لە میدیای دیجیتاڵیدا کارامەییە بنەڕەتییەکانی میدیاکار هەمان کارامەییەکانی میدیای کلاســـیکن، وەک؛ دۆزینەوەی چیرۆک، وردبینیکردن، ئاسانکردن و داڕشتنی میدیایی لە ناو سیاقێکدا و پاشان گەیاندنی بە وەرگر لە ڕێگای یەکێک لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردنەوە، ئەوەی گۆڕاوە ئەنجامدانی کـاری میـدیـاییە لە میـدیـای دیجیتـاڵیـدا، ئەویش لەبەر هـاتنە نـاوەوەی کۆمەڵێـک هۆکـار، وەک؛ گەشـــەکردنی ئینتەرنێت، هاتنەناوەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری، دیجیتاڵبونی داتا و زانیارییەکان، زیادبونی ســـەکۆکانی گەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش وایکردوە میدیاکار پەنا بەرێت بۆ فێربون و ڕاهێنـان و کـارکردن لەســـەر کۆمەڵێـک کـارامەیی نوێ، لە هەمـانکـاتـدا برەودان و بەرەوپێشبردن و بەرزکردنەوەی کارامییەکانی پێشوی.

فەیسبوکیش وەک یەکێک لە تۆڕەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی کە لەلایەن مارک زوکەربێرگ و هـاوپۆلەکـانییەوە لە زانکۆی هـارڤـارد دروســـتکرا بە مەبەســـتی پەیوەنـدیکردن لەگەڵ یەکتر و کاتبەسەربردن. ئەم تۆڕە بەشێوەیەکی بێبەرامبەر کۆمەڵێک خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنەرانی دابین دەکات، بەکارهێنەرانیشـــــــی دەتوانن لە ڕێگای نوسـین و دەنگوڕەنگەوە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندی بکەن و زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکەن.

بە هۆی زۆریی بەکـارهێنەری فەیســـبوکەوە وایکردوە ئەم تۆڕە ببێتە پێشـــەنگی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەر بۆیە زۆربەی دەزگا میدیاییەکان ســـود لە فەیســـبوک و پەیجی فەیســـبوک وەردەگرن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و زیاتر بڵاوبونەوەیان، لە ســـەرەتای دروســـتبونی پەیج لە فەیســـبوک تاکو ئێســـتا بەردەوام گۆڕانکاری لە بەڕێوەبردنیدا کراوە و نوێ کراوەتەوە و چەندین تایبەتمەندی بۆ زیاد کراوە، بە مەبەســتی زیاتر کارئاســانیکردن و باشــتر بەڕێوەبردنی پەیجەکان،

لەگەڵ ئەوەشدا فەیسبوک چەندین سیاسەت و پرەنسیپی داڕشتوە و کردویەتی بە جۆرێک لە مەرج کە پێویستە کەسانی بەشدار لە بەڕێوەبردنی پەیجەکاندا ئاگاداری بن و پێوەی پابەند بن، چونکە بە پێی ئاستی لادان لەو سیاسەت و مەرجانە فەیسبوک سزای پەیجەکان دەدات.
لەبەر گرنگی و تازەیی بابەتەکەش توێژەر بەلایەوە گرنگە بزانێت کە پەیوەندیی نێوان کارامەیی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چۆنە، هەروەها زانینی ئەو بابەتانەی کە زیاتر جێی مەترسی و گومانن بۆ بڵاوکردنەوە لەلایەن میدیاکارانەوە لە پەیجی فەیسبوک تاکو نەبێتە هۆی سزادانی پەیجەکانیان.
ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم میتۆدنامە، بەشی دوەم کە تیۆرینامەیە باس لە پێناسە و ناساندنی میدیاکار و کارامەییەکانی لە میدیای دیجیتاڵیدا کراوە، دواتر باس لە پێناسە و مێژوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کارامەییەکانی میدیاکار تیایدا کراوە، پاشان تیشک خراوەتە سەر کۆمپانیای مێتا (فەیسبوک) و مێژو و گەشەکردنەکەی، هەروەها گرنگی و بەکارهێنانەکانی بۆ میدیاکار، لە کۆتاییدا پێناسە و ناساندنی بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبردنی پەیج و هەژمار لە فەیسبوک و پێوەرەکانی باسکراون، بەشی سێیەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، کە تیایدا ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان خراونەتەڕو.

## یەکەم: میتۆدنامە

### ١. کێشەی توێژینەوە

کێشەی ئەم توێژینەوەیە لە پرسیارێکی سەرەکییەوە سەرهەڵدەدات ئەویش، ئایا پەیوەندی هەیە لە نێوان کارامەییەکانی میدیاکاران و بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک؟ بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری کێشەکەش چەند پرسیارێک دەخەینەڕو تاکو لە ڕێگەیانەوە بگەین بە چارەسەرەکان، ئەوانیش:

١. کارامەییەکانی میدیاکار لە میدیای دیجیتاڵیدا لە چ ئاستێکدایە پەیوەست بەهەر یەک لە بوارەکانی (بەرهەمهێنان و سازاندنی دەق، تەکنەلۆجیای زانیاری، تەکنیک، کارکردن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی)؟

٢. ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان بوارە جیاوازەکانی کارامەیی و پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکەوە؟

### ٢. گرنگیی توێژینەوە

لە ڕوی زانستییەوە؛ ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر بابەتێکی نوێی میدیایی دەکات و بە پێی بەدواداچونەکانی توێژەر تاکو ئێستا لە هەرێمی کوردستان و عێراق کاری لەسەر نەکراوە، ئەمەش وا دەکات ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی میدیایی بۆ توێژەران و خوێندکارانی بواری میدیا. لە ڕوی پراکتیکیشەوە؛ ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕونیی تەواو دەدات بە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان کە

چۆن مامەڵە لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و فەیسبوک بە تایبەتی بکەن و بتوانن بە شێوەیەکی دروست بەڕێوەیبەرن. گۆمەڵگاش هۆشیار دەکاتەوە سەبارەت بە سیاسەت و ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی فەیسبوک.

### ٣. ئامانجی توێژینەوە

١. دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان کارامەیی میدیاکاران و بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک.
٢. دیاریکردنی ئاستی کارامەییەکانی میدیاکار لە میدیای دیجیتاڵیدا پەیوەست بە بوارەکانی (بەرهەمهێنان و سازاندنی دەق، تەکنەلۆجیای زانیاری، تەکنیک، کارکردن لە تۆڕی کۆمەڵایەتی).
٣. دۆزینەوەی جیاوازیی نێوان بوارە جیاوازەکانی کارامەیی و پەیوەندییان بە بەڕێوەبردنی فەیسبوکەوە.

### ٤. کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

کۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میدیاکارانی هەرێمی کوردستان کە پەیامەکان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاودەکەنەوە، بە تایبەتتر ئەو میدیاکارانەی کە کار لە پەیجی فەیسبوکی دەزگا میدیاییەکانی خۆیاندا دەکەن. سامپڵی توێژینەوەکەش دەچێتە چوارچێوەی سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدارەوە، چونکە بە تەواوەتی نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵی توێژینەوەکە دەکات. بە پێی سەرنجدان و تێبینیکردنی توێژەر بۆ دەزگا میدیاییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان، دەرکەوت کە ژمارەی ئەو میدیاکارانەی بەشدارن لە بەڕێوەبردنی پەیجی فەیسبوکی دەزگا میدیاییەکانیان ٥٠٠ میدیاکارە، لەو ژمارەیەش توێژەر ١٤٥ میدیاکاری وەک سامپڵ وەرگرتوە کە دەکاتە ڕێژەی سەدا ٢٩ی میدیاکارانی بەشدار لە بەڕێوەبردنی پەیجی فەیسبوک.

### ٥. سنوری توێژینەوەکە

سنوری زانستی بریتییە لە بابەتی توێژینەوەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندیی کارامەیی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتیی فەیسبوک. سنوری مرۆییش بریتییە لەو کارمەندانەی دەزگا میدیاییەکان کە بەشدارن لە بەڕێوەبردنی پەیجی فەیسبوک، هەروەها سنوری شوێن بریتییە لە هەرێمی کوردستان- عێراق، سنوری کاتیش مانگی ٦ی ٢٠٢٢ـە تاکو مانگی ٧ی ٢٠٢٢.

### ٦. جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە هۆکارییەکانە بە میتۆدی وەسفی و بە ڕێبازی ڕوپێوی ئەنجام دراوە.

### ٧. ئامرازەکانی توێژینەوەکە

بۆ دەستکەوتنی زانیارییەکان ئامرازی فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە.

### ٨. چەمک و زاراوەکان

– **كارامەیی:** مەبەســـت لەو كارامەییانەیە كە پێویســـتە لە میدیاكاردا هەبێت بۆ كاركردن لە میدیای دیجیتاڵیدا.

– **میدیاكاران**: لێرەدا مەبەســـت لەو میدیاكارانەیە كە كار لە پەیجی فەیســـبوكی دەزگا میدیاییەكانی خۆیاندا دەكەن و بەشدارن لە بەڕێوەبردنیدا.

– **تۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان:** كۆمەڵێـك پێگەن كە بەكـارهێنەران دەتوانن پەیوەنـدی لەگەڵ یەكتردا ببەستن بە بڵاوكردنەوەی زانیاری، كۆمێنت، نامە، وێنە و هتد.

– **بەڕێوەبردنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان:** خۆی دەبینێتەوە لە چۆنێتی دروســـتكردنی نـاوەڕۆك بۆ تۆڕەكانی كۆمەڵایەتی و ئاگاداربون لە ســیاســەتی ئەو تۆڕانە، پاشــان بڵاوكردنەوە و گەیاندنی بە وەرگر و شیكردنەوەی ئەو ئامارانەی كە تۆڕەكە پێشكەشی دەكات سەبارەت بەو چالاكییانەی لە پەیجەكەدا ئەنجام دەدرێن.

– **فەیســـبوك**: یەكێكە لە تۆڕەكانی پەیوەندیكردنی كۆمەڵایەتی بە مەبەســـتی پەیوەندیكردن لەگەڵ یەكتر و كاتبەسەربردن و كۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ بەكارهێنەرانی دابین كراوە، بەكارهێنەرانیشی دەتوانن لە ڕێگـای نوســـین و دەنگوڕەنگەوە لەگەڵ یەكتردا پەیوەنـدی بكەن و زانیـارییەكـان ئاڵوگۆڕبكەن.

## بەشی دووەم: تیۆرینامە

### یەكەم: میدیاكار

### ١. پێناسە و ناساندنی میدیاكار

بە هۆی گرنگی و ڕۆڵی میدیاكارەوە وایكردوە چەندین پێناســـەی جۆراوجۆری بۆ كرابێت، لە پێناسەیەكدا میدیاكار بەوە ناسراوە كە: "لایەنێكی سەرەكیی پرۆسەی پەیوەندیكردنە و دەشێت هەر یەك لەم كار و ناونیشـــانانە وەربگرێت لە ناو دەزگا میدیاییەكاندا، وەك؛ هەواڵنـــــاز، نوســـــەر، پەیامنێر، وێنەگر یاخود كەســـــانی تایبەتمەند بە دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی، كە كاری میدیایی وەك پیشـــەیەك ئەزمون دەكەن"(حافظ، ٢٠١٣، ١١٣)، لە پێناســـەیەكی میدیاكار وەك كەســـی یەكەمی پرۆسەی پەیوەندیكردن ناسێنراوە، تیایدا هاتوە كە: "میدیاكار ئەو كەسەیە كە لە ڕێگای بیرۆكەیەك، ڕایەك یان زانیارییەك دەســـت بە پرۆســـەی پەیوەندیكردن دەكات لە ڕێگای پەیامێكەوە كە خۆی ئامادەی دەكات، دەشێت میدیاكار خۆی سەرچاوەی بیرۆكە، ڕا و زانیارییەكە بێت یاخود كەسێكی دیكە لە ڕێگای پەیوەندیكردن بە ســـەرچاوەی زانیارییەكەوە یان هەواڵەكە و دواتر داڕشـــتنەوە و ئامادەكردنی پەیامەكە و بڵاوكردنەوە و ناردنی بۆ وەرگر"(عبد الحمید، ٢٠١٠، ٣٧).

قوتابخانەی فەڕەنسـی بۆ میدیا جیاوازتر پێناسـەی دەكات و نازناوی "نێوەند"ی پێدەبەخشـێت واتە كەسـێكی نێوەندگیر دەیناسـێنێت ئەویش لەسـەر ئەو بنەمایەی كە میدیاكار ڕۆڵی جیاواز دەبینێت و بە دوای زانیارییاریدا دەگەڕێت و ناوەڕۆكی پەیامەكە هەڵدەبژێرێت و ئاڕاســـتەی وەرگری دەكات،

بەمەش ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینێت لە نێوان دروســـتکەری ســـەرچاوەی زانیار و جەماوەر یاخود وەرگردا. (أبو ماضي، ٢٠١٥، ٥٤)، لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان ماددەی یەکەم بەمجۆرە پێناســـەی میدیاکار کراوە بەوەی؛ هەر کەســـێک کە لە بواری ڕۆژنامەگەریدا لە هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندندا کار دەکات (یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، ٢٠٠٧، ١).

## ٢. کارامەییەکانی میدیاکار لە میدیای دیجیتاڵیدا

بە شـێوەیەکی ســەرەکی کۆمەڵێک هۆکار وایانکردوە کە کاری میدیایی گۆڕانکاری بەســەردابێت، گۆڕانی ژینگەی کاری بازرگانیی میدیایی بە هۆی دروســـتبونی هۆکاری جێگرە و جیاواز بۆ گەیاندنی پەیام یەکێکە لە هۆکارەکان، کە ئەویش دابینکردن و گەشـــەکردنی ئینتەرنێتە. هۆکارێکی دیکەش هاتنەناوەوەی تەکنەلۆجیای زانیاری و بە دیجیتاڵبونی داتا و زانیارییەکانە، ئەویش بە هۆی؛ زیادبونی سەکۆکانی گەیاندن و بەکارهێنانی میتۆدی سەرهێڵ (Online)ــە لە کۆکردنەوەی زانیاری کە خۆی دەبینێتەوە لە سۆشیاڵ میدیا و داتا ئامارییەکان (Spilsbury, 2014, 4).

لێرە دەتوانین ئەو کارامەییانە بخەینەڕو کە پێویســـت دەکات لە میدیاکاردا هەبێت یان هەوڵی پەرەپێدانیان بدات بۆ ئەوەی بتوانێت لە ژینگەی کارکردنی میدیای دیجیتاڵیدا بەردەوام بێت، ئەوانیش:

### ١-٢. کارامەییەکانی نوسین و سازاندن

– **شـــارەزایی زمان:** جگە لە زمانی دایک و شـــارەزایی قوڵ تیایدا لە ڕوی دارشـــتن و ڕێزمان و ڕێنوسەوە، باشتر وایە میدیاکار شارەزایی لە زمانێکی دیکەی جیهانیدا هەبێت، کە ئێستا بۆ بازاڕی کارکردنی میدیایی گرنگە(قنديل، ٢٠١٨).

– **ژانری جیاواز:** توانای نوســـینی ژانرە جیاوازەکانی کاری میدیایی هەبێت، ئەمە لە کاتێکدایە تەنانەت ئەگەر میدیاکارەکە بڕیاری ئەوەی دابێت کە تەنها لە یەک ژانردا قوڵ ببێتەوە، چونکە ژینگەی کارکردنی میدیای دیجیتاڵی وا دەخوازێت کە میدیاکار فرەکارامەیی بێت لە کارەکەیدا.

– **سـەرچاوەی زانیاری:** گرنگە بزانێت کە کام سـەرچاوە دیاری دەکات و کامیان تازەترینە و زیاتر پەیوەندیدارە بە بابەتەکەیەوە، چونکە دەشـــێت ئەم ســـەرچاوانە زانیارییەکی گرنگت پێ بدەن هەرچەندە کەمیش بێت(فتحي، ٢٠١٨).

– **بنکۆڵکاری:** کارامەیی لە بنکۆڵکاریدا یەکێکە لە گرنگترین کارامەییەکان بۆ میدیاکار، چونکە کاری ســـەرەکیی میدیا گێڕانەوەی چیرۆکە، باشـــترین چیرۆکەکانیش هەمیشـــە ناڕونن و پێویســـتیان بە چاوپێکەوتنی چەند ســـەعاتی و گەڕان و ڕاوکردنی ســـەرچاوە و کەســـانی خاوەن زانیارییە، هەمو ئەمانە و زیاتریش پێویستیان بە کارامەیی هەیە و پێکەوە لە کۆتاییدا سیمایەکی جیاواز دەبەخشن بە میدیاکار.

– **گەڕان:** بریتییە لە بەدواداچون بۆ زانیاری لە ڕێگای سەرچاوە و سەرەداوەکانەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە گەڕان لە کتێب، ڕۆژنامەکانی پێشو و ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندن وەک باکگراوندی زانیاری بۆ چیرۆکەکە یاخود بە دەستهێنانی وێنەیەکی گەورەتری بابەتەکە، هەروەها شارەزایی هەبێت لە گەڕانی ئینتەرنێت و ناردن و وەرگرتنی ئیمەیڵ و وردەکارییەکانی دیکەی (بوعکاز، ٢٠٢٠، ٤٢; Maryville, 2021).

– **ئیتیکی ڕۆژنامەوانی:** واتە پابەندبون بە ڕاستی و دروستی و دادپەروەری و هەمەچەشنی و ئازادی ڕادەربڕین، میدیاکارانیش دەبێت تێبگەن چۆن ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی بەسەر شێوە نوێیەکانی ڕاگەیاندندا جێبەجێ بکەن (مرکز القرار، ٢٠٢١).

## ٢-٢. کارامەییەکانی تەکنەلۆجیای زانیاری

– **سەلامەتیی دیجیتاڵی:** گرنگە میدیاکار شارەزا بێت لە سەلامەتی دیجیتاڵیدا، بە مەبەستی پاراستنی لە جۆرە جیاوازەکانی هێرشی ئەلیکترۆنی و چاودێریکردن، ئەویش لە ڕێگای جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی خۆپاراستنی داتا و زانیاری و هەژمارە ئەلیکترۆنییەکان (قنديل، ٢٠١٨).

– **بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی تیم و ئەرکەکان بە ئۆنلاین:** لە دوای سەرهەڵدانی پەتای Covid-19، زۆرێک لە کارەکان بون بە ئۆنلاین و کۆبونەوە و دابەشکردنی کارەکان لە ئۆفیسەوە گوازرانەوە بۆ نێو پرۆگرامەکانی کۆبونەوەی بە کۆمەڵ و تیمەکان، سروشتی کارکردن لە میدیای دیجیتاڵیشدا بەشێوەیەکە دەتوانرێت بە بێ ئامادەبون لە ئۆفیسدا کارەکان جێبەجێ بکرێن، هەر بۆیە کارامەیی و شارەزایی لە بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی تیم و کۆبونەوەی ئۆنلاینیش هێندەی کارامەییەکانی دیکە گرنگی هەیە.

– **سیستەمی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆک:** بریتییە لەو سیستەمەی کە لە وێبسایتەکاندا بەکاردەهێنرێت بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکی میدیایی، وەک؛ هەواڵ و ڕاپۆرت و وتار و بابەتەکانی دیکە، کە پێش بڵاوکردنەوەیان لە ڕێگای ئەم سیستەمەوە دەتوانرێت لە فۆرمی کۆتاییدا بابەتەکان پێشکەش بە وەرگر بکرێت (حذيفة، ٢٠٢٠).

– **خۆڕێکخستن:** گرنگ و پێویستە کە میدیاکار سود لەو کەرەستانەی ئینتەرنێت وەربگرێت مەبەستی ڕێکخستنی کارەکانی، بۆ نمونە بەکارهێنانی بیرهێنەرەوە و بەستنەوەی لیستی ژمارە و ناوی تەلەفۆنەی بە ڕۆژژمێری مۆبایلەکەی یاخود بەستنەوەی دۆکیومێنت و فایل و پێداویستییەکانی ناو کۆمپیوتەرەکەی (Sync files from computer to the online) لە ڕێگای ئیمەیڵەوە و پێکەوەبەستنی سەرجەم ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی، بۆ ئەوەی بتوانێت لە هەمو کات و شوێنێک دەستی پێ بگات (IJNet, 2018).

## ٢-٣. کارامەییە تەکنیکی

– **سـەرەتایەک لە دیزاین:** گرنگە میدیاکار شـارەزایی هەبێت لە بەکارهێنانی بەرنامەکانی وەک؛ فۆتۆشـۆپ، ئیندیزاین و ئیلسـترەیتەر، چونکە دەتوانێت سـودیان لێ وەربگرێت لە نمایشـکردنی زانیارییەکان بە شێوەی گرافیک، باکگراوندی ڤیدیۆیی و پیشاندانی داتاکان، بە تایبەت لە بواری داتا جۆرنالیزمدا (Maryville, 2021).

– **وێنە و ڤیدیۆ:** گرنگە میدیاکاران شـارەزاییان هەبێت لە تۆمارکردن و دەسـتکاریکردنی وێنە، هەروەها شـارەزا بن لە پرۆگرامەکانی دەسـتکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆ و ئینفۆگرافیک، بە مەبەسـتی گەیاندنی پەیامێکی تەواو زانیاری بەخش بە وەرگر بە تایبەت لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاوە.

– **ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (مۆجۆ):** دەکرێت شـارەزایی لە بەکارهێنانی مۆبایل بە گشـتی و بەرنامەکانی مۆبایل کە تایبەتن بە تۆمارکردن و دەسـتکاریکردنی تێکسـت، دەنگ، ڕەنگ و وێنە بە تایبەتی، ئامرازێکی سـودبەخش بێت بۆ میدیاکار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و سـازاندنی پەیامە میدیاییەکان و دواتریش پەخش و بڵاوکردنەوەیان هەر لە ڕێگای مۆبایلەوە (يماني و سـجيني، ٢٠١٨).

### ٤-٢. کارامەییە فرە بوارەکان

– **تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** لە ئێسـتادا زۆرینەی دەزگا میدیاییە جیهانییەکان سـود لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینن وەک سـەرچاوەی هەواڵ و زانیاری، هەر بۆیە گرنگە میدیاکار توانا و لێهاتویەکی بەرزی هەبێت لە دەسـتکەوتنی زانیاریی باوەڕپێکراو، لە هەمان کاتدا بتوانێت وەک هۆکارێک بۆ سـەلماندن و سـاغکردنەوەی هەواڵی ناڕاسـت بەکاری بهێنێت، هەروەها بتوانێت لە ڕێگایەوە پەیوەندی بکات بە شـایەتحاڵ و کەسـانی خاوەن زانیاری بە شـێوەیەکی پیشـەگەرانە. گرنگیشـە میدیاکار بە لێهاتوییەوە جۆری گونجاویی تۆڕەکە دیاری بکات و پەیامی لێوە ئاڕاسـتە بکات بە پێی جۆری پەیام و جەماوەری مەبەستدار (يماني و سجيني، ٢٠١٨).

– **بەهێزکردنی بزوێنەری گەڕان (SEO: Search Engine optimization):** گرنگە میدیاکار شـارەزا بێت لە هەڵبژارنی ئەو کلیلەوشـانەی کە پەیوەندیدارن بە بابەتە بڵاوکراوەکەوە ئەمەش لە ڕێگای هەڵبژاردنی وشـە گرنگەکان و پەیوەندیدارەکان لە ناونیشـان، هاشـتاگ و پەیوەسـتییە دیجیتاڵییەکـانی دیکە، چونکە لە کـاتی گەڕانی ئینتەرنێتیـدا وەرگر گەڕان بۆ وشـە دیـار و پەیوەندیدارەکان دەکات بۆ ئەوەی بابەتە بڵاوکراوەکە بدۆزێتەوە بە ئاسـانترین شـێوە (Hentz, 2019 – Humm 2021).

– **پشکنینی هەواڵی ناڕاست:** بە هۆی بونی فرەیی لە سەرچاوەکانی هەواڵ و زۆربونی ئامرازەکانی گەیاندنی میدیایی ئەستەمە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست لە ناڕاست، هەر بۆیە سەلماندنی زانیاری و شارەزایی دۆزینەوەی هەواڵی ناڕاست، چ لە سەرچاوە کراوەکان، چ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و

تەنانەت سەرچاوە تایبەتەکانیش، یەکێکن لە گرنگترین ئەو کارامەییانەی کە هەر میدیاکارێکی دیجیتاڵی دەبێت تیایدا شارەزا بێت(حذیفة، ٢٠٢٠).


**دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

**١. پێناسە و مێژووی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**

دەکرێت تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سادەترین شێوە پێناسە بکرێت بەوەی کە "ئەو میدیایەیە کە ئێمە بەکاری دەهێنین بۆ ئەوەی کۆمەڵایەتی ببین" (Safko & Barke, 2010, 3)، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت بە وردەکاریی زیاتر و ئاڵۆزتر پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت ئەویش بەم شێوەیە خراوەتەڕو، "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێک کەناڵ یاخود ئەپڵیکەیشنی گشتین کە تیشک دەخەنە سەر هاوکاری و کاری پێکەوەیی بەمەبەستی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆک" (Westerman, 2014, 172).

هەروەها Kaplan & Haenlein تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە دەکەن بەوەی "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە کۆمەڵێک ئەپڵیکەیشن کە لەسەر بنەمای ئینتەرنێت دروستکراون بە پشتبەست بە بیرۆکەی Web2.0، ئەم تەکنەلۆجیایە دەتوانێت و ئاسانکاری دەکات بۆ دروستکردن و بەشدارییپێکردنی ئەو ناوەڕۆکەی کە لەلایەن بەکارهێنەرەوە دروستکراوە" ( Kaplan and Haenlein, 2010, 59-68)، لە هەمان کاتدا Mao درێژە بە بیرۆکەی پێناسەی پێشو دەدات کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرەڕای ئەوانەی خرانەڕو هەندێک کار و ئەرکی دیکەی هەیە، ئەوانیش؛ "پەیوەندیکردن، بەشدارییپێکردن، هەماهەنگی و هاوکاری، بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبردن و کارلێککردن" (Mao, 2014,213).

مێژووی دروستبون و سەرهەڵدانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هاوتایە لەگەڵ هاتنی نەوەی دووەمی ئینتەرنێت کە ناسراوە بە Web 2.0، یەکەم تۆڕی کۆمەڵایەتیش بە مەبەستی پەیوەندیکردن لە نێوان خوێندکاران و هاوپۆلەکاندا لە ساڵی ١٩٩٥ بە ناوی Classmates واتە هاوپۆلەکان (البیاتي، ٢٠١٤، ٣٧٥-٣٧٦)، پاش دو ساڵ و لە ساڵی ١٩٩٧ تۆڕێکی دیکەی کۆمەڵایەتی دروستکرا بە ناوی sixdegrees کە ئامانج لێی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بو بە شێوەیەکی فراوان و هەمو کەس بۆی هەبو بەشدار بێت (Boyd and Ellison, 2008, p.214)، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٢ friendster و لە ساڵی ٢٠٠٤ Myspace دروستکرا (Christopher, 2020)، لە مانگی ٢ی ٢٠٠٤یش فەیسبوک دروستکرا لە ئێستا لە بەهێزترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە (Khan, 2017, 34)، دەتوانین بە گشتی مێژووی دروستبونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ساڵی دامەزراندن لەم شێوەیەدا بخەینەڕو کە لە ئامادەکردنی توێژەرانە:




شێوەی ژمارە (١) مێژوی دروستبونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

## ٢. کارامەییەکانی میدیاکار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا

جگە لەو کارامەییانەی لە میدیای دیجیتاڵیدا بە شـێوەیەکی گشـتی خسـتمانەڕو، لێرەدا وردتر باس لەو کارامەییانە دەکەین کە تایبەتن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوانیش:

**١. نوسـینی ناونیشـان و ناوەڕۆک:** سـروشـتی بەکارهێنەری تۆڕی کۆمەڵایەتی بە جۆرێکە کە ئارەزوی خوێندنەوەی تێکسـتی کەم دەکات و کەم دەمێنێتەوە بە دیار نوسـینەوە، هەروەها مەرج نییە هەمو زانیاری و بابەتێک بە تەواوی وردەکارییەوە بڵاوبکرێتەوە، بۆیە گرنگە میدیاکار بە توانا بێت لە نوسـینی ناونیشـانێکی سـەرنجراکێش بۆ بابەتە بڵاوکراوەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و دواتر لەوێوە ئاڕاسـتەیان بکات بۆ سـەرچاوە سـەرەکییەکە کە بە گشـتی وێبسـایتی دەزگا میدیاییەکەیە. (Lazo and others, 2020, 62)

**٢. خۆگونجاندن لەگەڵ سـروشـتی تۆڕەکەدا:** لە تۆڕی کۆمەڵایەتیدا تەنها گواسـتنەوەی بابەتێکی میدیایی کە ئامادەکراوە بۆ میدیایی کلاسـیک بەس نییە بۆ کارلێککردن لەگەڵ وەرگر، بەڵکو گرنگە میدیاکار کارامەیی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک بێت بتوانێت گونجاندن دروست بکات لە نێوان بابەتە میدیاییەکە و جۆری ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە بابەتەکەی لێوە بڵاو دەکاتەوە. (Lazo and others, 2020, 62)

**٣. کـارلێککردن لەگەڵ وەرگر:** لە ڕێگـای سـودوەرگرتن لە توانـای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـان بۆ کارلێککردن لەگەڵ وەرگر میدیاکار دەتوانێت بابەتی نوێ و گۆشەنیگای نوێی دەستبکەوێت، ئەویش بە هـاندانی وەرگر بە مەبەسـتی کـارلێککردن لەگەڵ بـابەتەکەدا، گرنگتر لەوەش زانینی چۆنێتی بەڕێوەبردنی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ وەرگردا دروستکراوە، ئەویش لە ڕێگای گرنگیدان بە قسە

و بۆچونی وەرگر، لە هەمانکاتدا نابێت هەستی پشتگوێخستن لە لای وەرگر دروست ببێت(Molina and Badenes, 2012, 461).

**٤. دیزاین و کاری هونەری**: لە ئێستادا زۆربەی بڵاوکراوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جگە لە تێکست پێکهاتون لە وێنە و ڤیدیۆ و کاری گرافیک، لە هەمان کاتدا شارەزایی لە بنەما و توخمەکانی دیزاین گرنگن بۆ کارکردن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەک؛ ڕەنگ، قەبارە، جۆری فۆنت و ڕێکخستنی هاوسەنگی لە نێوان توخمەکانی دیزایندا.(Doyle, 2021).

**٥. شیکردنەوەی ئاماری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان**: یەکێک لە خزمەتگوزارییەکانی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پیشاندانی ئامارە و بە گشتی تۆڕەکان کۆمەڵە ڕێگایەکی جۆراوجۆریان دابینکردوە بۆ زانینی ڕێژە و ڕادەی گەیشتنی بابەتی بڵاوکراوە بە وەرگر، وەک؛ لایک، کۆمێنت، شەیر و ژمارەی ئەو وەرگرانەی بابەتەکەیان پێگەیشتوە لەگەڵ چەندین ئاماری دیکە. شیکردنەوە و کارکردن لەسەر ئامارانەش یارمەتیدەرن بۆ کار و پلانی داهاتو و بۆ ئەوەی باشترین پێشکەش بکرێت بە وەرگر (Doyle, 2021).

**٦. یاسا و ئیتیک**: بەشێوەیەکی گشتی گرنگە میدیاکار شارەزایی هەبێ دەربارەی یاسا و ئیتیکی کارەکەی کە بە شێوەی دەقی نوسراو یان نەنوسراو هەبن، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیدارن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بۆ پاراستنی خودی میدیاکار و دەزگاکەش لە لێکەوتە نەرێنییەکانی. لە هەمان کاتدا ئاگاداربون لە نوێترین گۆڕانکارییە ئیتیکییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کارێکی ژیرانەیە بە تایبەت ئەگەر هاتو لەگەڵ کۆمەڵێک بابەتی هەستیاردا مامەڵە بکرێت.( Mccain, 2021).

**٧. بەڕێوەبردنی کات**: وەک هەر کارێکی دیکە گرنگە لە کارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کاتەکان بە باشی بەڕێوە ببرێن، بۆ ئەوەی ئەو توانایەی میدیاکارەکە هەیەتی بەسەر کاتەکانی کارکردنیدا دابەشی بکات، هەروەها ڕێکخستنی کاتەکانی بڵاوکردنەوەی بابەت و دانانی پلان بۆ بڵاوکردنەوەیان هۆکارە بۆ ئەوەی توشی کەمترین هەڵە ببێت (Mccain, 2021).

**٨. نەرمی**: وەک دەزانرێت بەشێوەیەکی بەردەوام و خێرا گۆڕانکاری لە ناوەڕۆک و یان ڕواڵەتی کارکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەنجام دەدرێن بە مەبەستی پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە بەکارهێنەر، گرنگە میدیاکار دەستوپەنجە و بیرکردنەوەی نەرم بێت لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا و خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، چونکە لە کۆتاییدا ئەوانەی خاوەندارێی تۆڕەکان دەکەن ئەوە دەچەسپێنن کە خۆیان دەیانەوێت نەک ئەوەی کە بەکارهێنەر دەیەوێت( aitnews, 2019).

**٩. سەلامەتیی هەژمار**: لە گرنگترین کارامەییەکانە کە دەبێت میدیاکار بە گرنگییەوە لێی بڕوانێت و کاری لەسەر بکات. نەبونی سەلامەتیی دیجیتاڵیی توندوتۆڵ و بەهێز بۆ هەژمارە کەسییەکان، جگە لەوەی هەژمارەکە دەکەوێتە مەترسییەوە لە هەمان کاتیشدا پەیج و هەژمارەکانی دەزگا

میدیاییەکەش دەکەوێتە مەترســـــییەوە ئەگەر هاتو میدیاکارە بە یەکێک لە ڕۆڵەکانی بەڕێوەبردن بەشداربو لە بەڕێوەبردنی پەیجی دەزگا میدیاییەکە(مقال، ٢٠٢١).

جگە لەوانەی باسـکران باشـتر وایە میدیاکار ئاسـتی کارامەیی پەرەپێبدات دەربارەی یاسـای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەکارهێنان و ڕیکلام، چونکە دەبێتە هۆی خۆپاراسـتن لەو سـزایانەی تۆڕەکان دایانناوە لە کاتی لادان لێیان.

**سێیەم: کۆمپانیای مێتا (فەیسبوک)**

**١. مێژو و گەشەکردنی کۆمپانیای مێتا (فەیسبوک)**

ســـەرەتای بیرۆکەی فەیســـبوک لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتییەوە دەســـتپێدەکات و بەڵام دواتر تەنها لە چوارچێوەی تۆڕێکی کۆمەڵایەتیـدا نـامێنێتەوە و دەبێـت بە کۆمپـانیـای فەیســـبوک و چەنـدین ئەپڵیکەیشـــن و تەکنەلۆجیـای جۆراوجۆر لە خۆی کۆدەکـاتەوە و دەبێتە خـاوەنیـان، لە دوایین گۆڕانکاریشـــدا کە دەیکات گۆڕینی ناوەکەیەتی لە فەیســـبوکەوە بۆ مێتا، توێژەریش لە باســـکردنی کۆمپانیاکەدا ناوی مێتا بەکاردەهێنێت و لە باسـکردنی تۆڕەکەش ناوی فەیسـبوک. لێرەدا گرنگترین قۆناغە مێژوییەکان و گەشەی کۆمپانیاکە دەخەینەڕو.

مارک زوکەربێرگ لەگەڵ هەر یەک لە هاوڕێیانی؛ دەســـتن مۆســـکۆڤیتس، کریس هیوز و ئیدواردۆ ساڤێرین لە ٤ـــی مانگی دوی ٢٠٠٤دا ئەم تۆڕەیان دروستکرد، پاشان لە ١ـــی ٦ـــی هەمان ساڵدا بنکەکەیان گواستەوە بۆ ویلایەتی کالیفۆرنیا، لە ١ـــی ٩ـــی ٢٠٠٤دا ڕێگە بە هەمو کەس درا بەشدار بن لەم تۆڕە، چونکە سەرەتا تەنها تایبەت بوە بە هەندێک کەسی دیاریکراو(history, 2004).

دواتر مانگی ١٢ــــــی ٢٠٠٤دا ژمارەی بەکارهێنەرانی بوە بە یەک ملیۆن کەس و لە سـاڵی ٢٠٠٥دا ئەدرێسی سایتەکە لە thefacebookـــەوە گۆڕا و بو بە facebook، لە ساڵی ٢٠٠٦ـــەوە توانرا ئەم تۆڕە وەک بەرنامەیەک لەســـــەر مۆبایل بەکاربهێنرێت، لە ســـــاڵی ٢٠٠٧دا بەشـــــی ڤیدیۆ و دروستکردنی پەیج و ڕیکلام بۆ فەیسبوک زیاد کرا و لە ٢٠٠٩دا Like Buttonـــی زیاد کرد و لە هەمان ســـاڵدا خزمەتگوزاریی گروپی بەردەســـت کرد، دواتر لە ســـاڵی ٢٠١١دا مەســـنجەری وەک بەرنـامەیەک نـاســـــانـد و لە ســـــاڵی ٢٠١٢دا تـۆڕی کـۆمەڵایەتـیـی ئـیـنسـتـاگـرامـی کڕییەوە(about.facebook, 2022).

کۆمپانیای مێتا لە گەشـــەکردن بەردەوام بو، تاکو لە ســـاڵی ٢٠١٤دا توانی بەرنامەی whatsApp بکڕێتەوە(Oreskovic, 2014)، دواتر لە ساڵی ٢٠١٤ Oculusـــی ناساند کە تایبەتە بە یاریکردن و کـاتبەســـــەربردن لە ڕێگـای واقیعی گریمـانەییەوە Virtual Reality(about.fb, 2014)، لە ٢٠١٥شدا پەیوەندیی ڤیدۆیی بۆ مەسنجەر زیاد کرد(techadvisory, 2015)، لە هەمان ساڵیشدا خزمەتگوزاریی پەخشی ڕاستەوخۆی دابین کرد بۆ بەکارهێنەرانی فەیسبوک(Hern, 2017).

لە ســــاڵی ٢٠١٧شــــدا کۆمپانیاکە خزمەتگوزاریی کرپینی نـاســــاند بە بەکارهێنەرانی تۆڕی ئینسـتاگرام(Newton, 2018)، لە هەمان سـاڵدا مەسـنجەری تایبەت بە منداڵانی دروسـت کرد بە ناوی Messenger kids(Salinas, 2017).

لە ســــاڵی ٢٠٢١یشــــدا کۆمپانیای مێتا داهێنانێکی دیکەی بە بەکارهێنەران ناســــاند کە ئەویش ئەپڵیکەیشــــنی Horizon Workrooms بو، کاری ئەم ئەپڵیکەیشــــنە بریتی بو لە ڕێکخســــتن و ئەنجامدانی کۆبونەوە لە ڕێگای واقعی گریمانەییەوە، کە بە هۆیەوە دەتوانرا لە ڕێگای Avatarــــی کەسەکانەوە لە شوێنێکی دەستکرد کۆبونەوە ئەنجام بدرێت بە بێ ئەوەی خودی کەسەکان ئامادە بن(Dunkerley, 2021).

دواتر لە ٢٨ــــی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١دا دامەزرێنەری کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە بۆ لەمەودا لە ژێر ناوی "مێتا"دا کۆمپانیاکە درێژە بە کارەکانی دەدات، کە سەرجەم ئەپڵیکەیشن تەکنەلۆجیاکانی لە ژێر ئەم براندە نوێیەدا وەک کۆمپانیایەکی نوێ کاردەکەن(Bosworth and Clegg, 2021).

وشــەی مێتا لە Metaverseــــەو وەرگیراوە کە گوزارشــتە لە کۆمەڵێک بۆشــایی دەســتکرد کە دەتوانیت شــوێنی نوێ بدۆزیتەوە و بنیاد بنێیت تیایدا لەگەڵ کۆمەڵە کەســێک کە لە ڕاســتیدا و لە واقعدا دورن لە یەکترەوە، بەڵام لە ڕێگای ئەم تەکنەلۆجیایەوە دەتوانن پێکەوە بن لەو بۆشـــــاییە دەستکردە گریمانەییەدا، لە ڕێگای Metaverseــــەوە دەتوانرێت ئەوەی لە ژیانی ڕاستیدا ئەنجام دەدرێت لەوێش ئەنجام بدرێت(about.fb, 2021).

### ٢. گرنگی و بەکارهێنانەکانی فەیسبوک بۆ میدیاکار

پاش دروســتکردن و ڕێکخســتنی پەیج دەکرێت بە کۆمەڵێک ڕێگا ســود لە پەیج وەربگیرێت و لە ڕێگایەوە کارلێک لەگەڵ وەرگردا بکرێت و وەرگر و نێرەر پێکەوە ببەســتێتەوە و بتوانن پەیوەندی بکەن، کۆمەڵێک ئامراز و ڕێگای گرنگ و کاریگەر هەن، ئەوانیش:

– **زیادکردنی کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆک لە ڕێگای Instant Articlesــــەوە:** IA یاخود Instant Articles بریتییە لە فایلێکی HTML کە بە خێراییەکی زۆرەوە لە فەیســبوک دەکرێتەوە و تایبەتە بە مۆبایل، واتە کاتێک لینکی بابەتێکی ســایتەکان لە فەیســبوک دادەنرێت ئەوا لە کاتی کردنەوەی بابەتەکان خوێنەر ناچێتە ناو ســایتە ســەرەکییەوە، بەڵکو لە ڕێگای فەیســبوکەوە بە شــێوەی Instant Articles بابەتەکە بە شــێوەیەکی زۆر خێرا و ماوەیەکەی زۆر کەم دەکرێتەوە، بەمەش بەکـارهێنەر خێراتر دەگـات بە زانیـارییەکـان کە خێراییەکەی پێنج هێنـدەی خێرایی کردنەوەی وێبگەڕی مۆبایلە (Meta for Media, 2022).

– **بەکارهێنانی گروپی فەیســبوک:** میدیاکار دەتوانێت بە دروســتکردن و بەکارهێنانی گروپی فەیسـبوک کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە خۆی دروسـت بکات دەربارەی بابەت و چیرۆکە هاوشـێوەکان، ئەمەش وا دەکات لە ڕێگـایەوە بتوانێت هەواڵ و زانیـاری کۆ بکـاتەوە و ڕاپۆرت و بەدواداچونی

میدیایی ئامادە بکات. هەروەها دەتوانێت گفتوگۆی ئامانجدار لەگەڵ ئەندامانی گروپەکە ئەنجام بدات (Facebook Journalism Project, 2021, 13).

– **بەکارهێنانی ڤیدیۆ بۆ پێشکەشکردنی هەواڵ و ڕاپۆرتەهەواڵ:** دەزگا میدیاییەکان دەتوانن سود لە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ وەربگرن و بە چەند شێوازێکی جیاواز لە فەیسبوک بڵاوی بکەنەوە، بە نمونە؛ بڵاوکردنەوەی بابەتی دۆکیومێنتاری بە چەند بەشێکی کورت، بەش بەشکردنی گەشتی هەواڵەکان و بڵاوکردنەوەیان، ڕیکلام و ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی وەرگر لە بەرنامە و برگە ڤیدیۆییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان (journalismproject, 2021).

– **پەخشی ڕاستەوخۆی فەیسبوک:** لایڤی فەیسبوک تایبەتمەندییەکی ڕاستەوخۆی ڤیدیۆییە لە فەیسبوک کە ڕێگەت پێدەدات ڤیدیۆیەکی ڕاستەوخۆ بۆ بینەرانت پەخش بکەیت. سەرەتا لە مانگی ئابی 2015 فەیسبوک دەستی بە Live کرد بۆ بەکارهێنەرانی سنورداری فەیسبوک VIP لە بەرامبەردا برێک پارە دەدرا، پاشان لایڤی فەیسبوک لە مانگی نیسانی ساڵی 2016دا وەک خزمەتگوزارییەکی نوێ خرایە بەردەست بەکارهێنەرانی بە بێبەرامبەر. (Whitney, 2020)

– **دۆزینەوەی ناوەڕۆک و چاودێریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەم کارە یەکێکە لە گرنگترین کارەکانی میدیاکار لە سەردەمی میدیای دیجیتاڵیدا بە مەبەستی ئاگاداربون لەوەی چی ڕودەدات، بۆ ئەم مەبەستەش فەیسبوک ئامرازێک پێشکەش دەکات بە ناوی CrowdTangle، کە ئاسانکاریی زۆر دەکات بۆ ئاگاداربون لەو بابەتانەی لە زۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕودەدەن و بابەتی زۆریان لەسەر بڵاودەکرێتەوە، ئەم ئامرازە کار دەکات لەسەر بابەتە بڵاوکراوە گشتییەکان، هەژمارە ناسێنراوەکان، پەیج و گروپەکان، هەژمارە گشتییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چاودێرییان دەکات و زانیارییان لێوە وەردەگرێت و ئەو بابەتانە دەخاتەڕو کە زۆرترین قسەوباسی لەسەرە( Meta for Media, 2022).

– **وەرگرتنی زانیاریی پەیجی فەیسبوک (Facebook Page Insights):** بەشێکی تایبەتە بە پێدانی زانیاریی دەربارەی پەیجی فەیسبوک و لە گرنگترین بەشەکانە کە بەرچاوڕونیی تەواو دەدات بە بەڕێوەبەرانی پەیجەکە بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی وەرگر کە چۆن و لەگەڵ کام جۆری بابەتدا زۆرترین کاردانەوەیان هەیە ( Meta Business Help Center, 2022).

– **هەڵسەنگاندنی دو پۆستی هاوشێوە (Facebook A/B testing):** ستراتیجییەکی پەیجی فەیسبوکە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی دو پۆستی هاوشێوەیە لە ناوەڕۆکدا، بەڵام لە ڕواڵەتدا دو پۆستی جیاواز، بۆ نمونە؛ بابەتێک بە دو ناونیشانی جیاواز و دو گرافیک و دیزاینی جیاواز پۆست دەکرێت و فەیسبوک پیشانی دو گروپی جیاوازی جەماوەری دەدات بەمەبەستی ئەوەی بزانرێت کامیان زۆرترین کارلێکی دروستکردوە لەگەڵ وەرگردا، دواتر دەتوانرێت ئەوەی کە کەمترین بوە لە پەیجەکە لاببرێت(Facebook Journalism Project, 2021, 7).

**- سـودوەرگرتن لە Facebook 360:** ئەم تایبەتمەندییەی فەیسـبوک هاوکارە لەوەی کە وێنە و ڤیدیۆ بە شـێوەی ٣٦٠ پلە تۆمار و بڵاوبکەیتەوە ئەویش لە ڕێگای فەیسـبوکەوە یاخود ئەو جۆرە کامێرایانەی کە دەتوانن بە ٣٦٠ پلە وێنە و ڤیدیۆ تۆمار بکەن، میدیاکار دەتوانێت سـود لەم تایبەتمەندییە وەربگرێت و کارە میدیاییەکانی بباتە قۆناغێکی بەرزتر و جیاوازترەوە، چونکە بە هۆیەوە فراوانترین مەودای بینین بە وەرگر دەبەخشـێت و دەبێتە کارێکی میدیایی تەواو جیاواز و سەرنجڕاکێش(Meta for Media, 2016).

## چوارەم: بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

### ١. پێناسە و ناساندنی بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆکار و ئامرازێکی گرنگ دادەنرێن بۆ دروستکردن و بنیادنانی ناساندن و مانەوەی ناوی کۆمپانیا یاخود دەزگای میدیایی، پەیوەندیکردن بە بەکارهێنەر، زیادکردنی ژمارەی سەردانیکەرانی و تەنانەت فرۆشتنی کاڵا و بڵاوکردنەوەی خزمەتگوزاری، ئەویش بە هۆی زۆری بەکارهێنەریانەوە، هەر بۆیە لێرەوە کارێکی نوێ یاخود ناونیشـانی کارێکی دێتە ئاراوە کە پێی دەوترێت بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی، کە لە پۆسـتکردنی بابەتێکی ئاسـایی لە پڕۆفایلی کەسییەوە دەستپێدەکات تاکو بەڕێوەبردن و کارکردن لە پەیجی کۆمپانیا و دەزگا میدیاییەکاندا.

لە سـادەترین پێناسـەدا بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی هـاتوە کە: "بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی دروستکردن، بڵاوکردنەوە، بانگەشەکردن و بەڕێوەبردنی ناوەڕۆک لە پلاتفۆرمە جیاوازەکانی سۆشیال میدیا وەک؛ فەیسبوک، ئینستاگرام، تویتەر، لینکدئین، یوتیوب و تۆڕەکانی دیکە"(Sean, 2020).

لە پێناسـەیەکی دیکەدا وردتر بـاس لە بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی دەکرێـت بەوەی کە: "بەڕێوەبردنی تۆڕی کۆمەڵایەتی پرۆسـەی شـیکاریکردنی جەماوەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەشـەپێدانی سـتراتیژیەتیان، دروسـتکردن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و چاودێریکردنی گفتوگۆ و کاردانەوەکانی بەکارهێنەرە، لە هەمان کاتدا هاوبەشیکردنە لەگەڵ کەسانی کاریگەر لە تۆڕی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، هەروەها چاودێریکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتە دەربارەی ئامار و چالاکیی تۆڕەکان"(Buryan, 2021).

زۆرێک لە کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن یارمەتیدەر بن لە کارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و هۆکار بن بۆ باشـتر بون و بەرەوپێشـچونی کارەکان بۆ سـەرجەم ئەو کەس و میدیاکارانەی لە بەڕێوەبردی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا بەشـدارن بە گشـتی و بەڕێوەبەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، لێرەدا هەر یەک لەم کارامەییانەی بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت یارمەتیدەر بن لە بەشـداریکردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئامانجەکانی دامەزراوەکەدا، ئەوانیش؛ شـیکردنەوەی داتـا و زانیـارییەکـانی تۆڕەکە، کەمیونیکەیشـن، توانـای داهێنـان،

خزمەتگوزاریی بەشداربوان، دیزاین، پلاندانان، چارەسەرکردنی کێشە، بەڕێوەبردنی ئەرکەکان، توانای قسەکردن بۆ خەڵک و کارمەندان، زانیاریی تەکنەلۆجی و توانای نوسین( Indeed Editorial Team, 2021).

**٢. بەڕێوەبردنی پەیج و هەژمار لە فەیسبوک**

پەیجی فەیسبوک بریتییە لە پرۆفایلی گشتی کە لە لایەن بازرگانەکان، ڕێکخراوەکان، کەسایەتییە ناودارەکان، دەزگا میدیاییەکان و هەر کەسێکەوە دروست دەکرێت کە هەوڵی ناساندنی خۆی دەدات بە ئاشکرا لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە. بە گشتی لاپەڕەکانی فەیسبوک وەک لاپەڕەکانی پرۆفایلی کەسی کار دەکەن، تەنها ئەوە نەبێت کە لە بری "هاوڕێ" "هەوادار"یان هەیە کە دەتوانن لایک یاخود فۆڵۆوی پەیجەکە بکەن. ئەم پەیجانە بە شێوەی ئۆنلاین بە ئاشکرا دەبینرێن و بە پێی جۆری پەیجەکە نوێبونەوە لە لینک و ڕوداو و وێنە و ڤیدیۆ بۆ هەواڵ و بۆ هەوادارانیان ئەنجام دەدەن(techopedia, 2022).

هەژماری کەسی یاخود پرۆفایلیش ئەکاونتێکی کەسییە، بەکارهێنانی نابازرگانییە و نوێنەرایەتی تاکەکان دەکات. کاتێک بۆ یەکەمجار ناوت تۆمار دەکەیت بۆ فەیسبوک، پرۆفایلت پێدەدرێت. پرۆفایلی تۆ ئەو شوێنەیە کە هاوڕێ و خێزانەکەت زیاد دەکەیت و وێنە و ڤیدیۆی کەسی و نوێکارییەکانی ژیانت بڵاو دەکەیتەوە(Beese, 2016).

لە کاتی بەڕێوەبردنی پەیج و هەژمار لە فەیسبوک گرنگە بەکارهێنەر، میدیاکار بێت یان هەر کەسێکی ئاسایی ئاگاداری پێوەرەکانی فەیسبوک بێت کە لێرەدا تیشک دەخەینە سەری.

**٣. پێوەرەکانی فەیسبوک** (Facebook Community Standards)

بەو پێیەی فەیسبوک گەورەترین کۆمەڵگەی گریمانەییە لە جیهاندا و خاوەنی زۆرترین بەکارهێنەری چالاکی مانگانەیە، بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردنی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان و پەیوەندیی نێوان بەکارهێنەران کۆمەڵێک پێوەری دارشتوە، بە جۆرێکن لادان لە هەندێکیان دەبێتە هۆی سزدان و هەندێکجاریش دورخستنەوە لەو کۆمەڵگا گریمانەییە.

میتا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گرنگە بە لایانەوە فەیسبوک ببێت بە شوێنێک کە بەشداربوان هەست بە هەمو لایەنەکانی ئارامی و سەلامەتی بکەن تیایدا، هەر بۆیە کار بۆ ئەوە دەکات کە ڕێگر بێت لە خراپ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی، هەر بۆیە لێرە گرنگیی پێوەرەکانی فەیسبوک دەردەکەوێت. ئەم پێوەرانەش لەسەر بنەمای کاردانەوە لە لایەن خەڵک و ئامۆژگاریی پسپۆڕانی بواری تەکنەلۆجیا و سەلامەتیی گشتی و مافەکانی مرۆڤ داڕێژراون بۆ دڵنیابون لەوەی کە دەنگی هەمو کەسێک نرخێنراوە(transparency, 2022).

گرنگە میدیاکار ئاگاداری وردەکاریی ئەم پێوەرانە بێت بۆ ئەوەی خودی خۆی و پەیجی دەزگا میدیاییەکەی توشی سزادان نەبێت، کە هەندێکجار دەگاتە داخستنی پەیجی دەزگاکە یاخود

سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەیجەکە، بە هۆی زۆری و فرەبواری پێوەرەکانی فەیسبوکەوە، لێرەدا توێژەر تەنها ئەو بڕگە خاڵانە دەخاتەڕو کە پەیوەستن بە کاری میدیایی بە گشتی و بابەتە نزیک و پەیوەندیدارەکان بە هەرێمی کوردستان بە تایبەتی، ئەوانیش:

**١- توندوتیژی و ڕەفتاری تاوانکاری (Violence And Criminal Behavior):** فەیسبوک ڕێگری دەکات لە سەرجەم ئەو هەڕەشە و هاندانانەی کە دەکرێت بۆ توندوتیژی و کاردەکات بۆ دۆزینەوەی جیاوازی نێوان بڵاوکراوە نافەرمییەکان و ئەو ناوەڕۆکانەی کە دەبنە هۆی هەڕەشەیەکی بەڵگەدار لەسەر سەلامەتیی گشتی و تاک (Haselton, 2018).

**٢- سەلامەتی (Safety):** لە ڕێنماییەکانی فەیسبوک لەم بەشەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ناوەڕۆکەکان لادەبرێن و هەژمارەکان لەکاردەخرێن، هەروەها ئەگەر پێمان وابو کە مەترسیی ڕاستەقینە هەیە لە ڕودانی زیانی جەستەیی یاخود هەڕەشەی ڕاستەوخۆ لەسەر سەلامەتیی گشتی، ئەوا لەگەڵ یاسا و لایەنی پەیوەندیدار کاردەکەین بۆ ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی (Suicide and Self Injury, 2022).

**٣- ناوەڕۆکی ناپەسەند (Objectionable Content):** لێرەدا فەیسبوک گرنگە بەلایەوە ڕێگری بکات لە ناوەڕۆکێک کە پەسەند نەبێت و بە جۆرێک لە جۆرێک بە زیان بشکێتەوە بۆ سەر ئەندامانی کۆمەڵگەکەی، وەک؛ وتاری ڕقئامێز، ناوەڕۆکی ناپەسەند و توندوتیژی، وێنەی ڕوت و چالاکی سێکسیی کەسی پێگەیشتو، وروژاندنی سێکسی( Hate Speech, 2022; Sexual Solicitation, 2022).

**٤- دەستپاکی و ڕەسەنایەتی (Integrity And Authenticity):** فەیسبوک کار دەکات بۆ ڕێگریکردن و لابردنی هەر ناوەڕۆکێک کە ڕاستگۆیی تیادا نەبێت، یاخود زانیاریی هەڵە بێت و ببێتە هۆی دروستبونی مەترسی لەسەر بەکارهێنەر، وەک؛ سەلامەتیی هەژمار و ناسنامەی ڕەسەن، سەلامەتیی دیجیتاڵی، ڕەفتاری ساختە، پێدانی زانیاریی هەڵە( Cybersecurity, 2022; Misinformation, 2022).

**٥- ڕێزگرتن لە خاوەندارییی فکری (Respecting Intellectual Property):** فەیسبوک بە گرنگییەوە لە مافی خاوەندارێتی دەڕوانێت و ڕێگە بە کەسێک نادات ناوەڕۆکێک بڵاوکاتەوە کە هی کەسێکی ترە، وەک؛ مافی چاپ و بازرگانی و مافە یاساییەکانی تر ( Intellectual Property, 2022).

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### ١. ڕاستیی فۆرمی ڕاپرسی

پاش ئەوەی پســـپۆڕانی ڕاگەیاندن[i] فۆرمەکەیان بینی چەند تێبینی و گۆڕانکارییەکیان ئەنجامداوە تیـایدا و دواتر فۆرمەکە لە شـــێوەی کۆتـاییدا ڕێکخراوە و ئـامـادەکراوە بۆ کـارکردن، بە پێی هاوکێشەی ڕاستیی ڕاستی کە بریتییە لە (بڕگە ڕاستەکان/کۆی بڕگەکانX100= ئەنجامی ڕاستیی ڕواڵەتی)، 85.08=100X114/97، بەم پێیەش ئەنجامی ڕاســـتیی فۆرمەکە دەکاتە (85.08) کە ئەمەش ڕێژەیەکی بەرز و زانستییە.

### ٢. جێگیریی فۆرمی ڕاپرسی

بۆ دڵنیابون لە جێگیریی بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرســـی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشـــەی (مقایس کرونباخ الفا)ی بەکارهێناوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی بەهای جێگیری) دەکاتە (0.832) کە بەهایەکی باشی زانستی دەردەخات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ جێگیریی باش لە پرسیارەکاندا.

### ٣. ئەنجامی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم/ زانیاریی بنەڕەتی

**خشتەی ژمارە (1) زانیارییە دیمۆگرافییەکان**

| ڕەگەز | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارەبونەوە | % | ڕیزبەندی |
| نێر | 117 | 80.7 | 1 |
| مێ | 28 | 19.3 | 2 |
| کۆی گشتی | 145 | 100 | |
| تەمەن | | | |
| بڕگە | دوبارەبونەوە | % | ڕیزبەندی |
| کەمتر لە 30 ساڵ | 37 | 25.5 | 1 |
| 30 – 34 ساڵ | 37 | 25.5 | 1 |
| 35 – 39 ساڵ | 35 | 24.1 | 2 |
| 40 – 44 ساڵ | 20 | 13.8 | 3 |
| 45 – 49 ساڵ | 11 | 7.6 | 4 |
| زیاتر لە 49 ساڵ | 5 | 3.4 | 5 |
| کۆی گشتی | 145 | 100 | |
| پسپۆڕیی بڕوانامە | | | |

| ڕیزبەندی | % | دوبارەبونەوە | بڕگە |
|---|---|---|---|
| 1 | 59.3 | 86 | ڕاگەیاندن |
| 2 | 6.9 | 10 | زمان |
| 6 | 2.1 | 3 | پەروەردەی بنەڕەت |
| 4 | 3.4 | 5 | کارگێڕی و دارایی |
| 3 | 4.8 | 7 | یاسا/ یاسا و ڕامیاری |
| 6 | 2.1 | 3 | ئایین |
| 4 | 3.4 | 5 | ئەندازیاری |
| 6 | 2.1 | 3 | پزیشکی |
| 6 | 2.1 | 3 | هونەر |
| 5 | 2.8 | 4 | ئایتی |
| 7 | 1.4 | 2 | کۆمەڵناسی |
| 7 | 1.4 | 2 | زانست |
| 7 | 1.4 | 2 | وەرزش |
| 8 | 0.7 | 1 | گرافیک دیزاین |
| 8 | 0.7 | 1 | مێژو |
| 8 | 0.7 | 1 | پەیوەندییە گشتیەکان |
| 3 | 4.8 | 7 | نییە |
| 100 | | 145 | کۆی گشتی |

بە ڕوانین لە خشـــتەی ژمارە (1) ڕون دەبێتەوە کە بەرزترین ئاســـتی ڕەگەز لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە ڕەگەزی نێر دەکاتە (80.7%) ڕەگەزی مێ-ش بریتییە لە (19.3%)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەگەزی نێر بەشدارە لەم بوارەدا بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ.

سەبارەت بە تەمەنیش، بەرزترین ئاستی تەمەن بریتییە لە هەردو ئاستی تەمەنی (30–34 ساڵ) و (بچوکتر لە 30 ساڵ) دەکاتە (25.5%)، هەروەها نزمترین ئاستی تەمەنیش بریتییە لە (گەورەتر لە 49 ســـاڵ) بە ڕێژەی (3.4%)، لێرەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کە زۆربەی میدیاکاران لە هەرێمی کوردستان گەنجن لەم بوارەدا.

لە پسـپۆڕیی بڕوانامەشـدا بەرزترین ئاسـت بریتییە لە (ڕاگەیاندن) بە ڕێژەی (59.3%) نزمترینیش بریتییە لە پســـپۆڕییەکانی (گرافیک دیزاین، مێژو و پەیوەندییە گشـــتییەکان) بە ڕێژەی (0.7%)، ئەمەش پێمان دەڵێت کە:

١- زیاتر لە نیوەی بەرتویژانی ئەم تویژینەوەیە خاوەن بڕوانامەی ڕاگەیاندنن و کارەکەیان هاوتای پسپۆڕیی بڕوانامەکەیانە.
٢- دەزگا میدیاییەکان لە هەرێمی کوردستان گرنگیی زیاتر بە کەسانی خاوەن بڕوانامەی ڕاگەیاندن و هاوشێوەکانی دەدەن.
٣- میدیاکاران هەست بە گرنگیی پسپۆڕی دەکەن و لە بواری ڕاگەیاندندا پسپۆڕی وەردەگرن و پەرە بە توانا ئەکادیمییەکانیان دەدەن.

## تەوەری دووەم: کارامەییەکان میدیاکار لە میدیای دیجیتاڵیدا

یەکەم: کارامەییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و سازاندنی دەق

**خشتەی ژمارە (2) کارامەییەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و سازاندنی دەق**

| جۆری کارامەیی | سەرەتایی | مامناوەند | پێشکەوتو | Mean ناوەندە ژمارەیی | S.D لادانی پێوانەی | RI گرنگی ڕێژەیی | Results ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | Fr. | Fr. | | | | |
| | % | % | % | | | | |
| کارکردن لە ژانری جیاواز | 9 | 74 | 62 | 2.37 | 0.60 | 78.85 | پێشکەوتو |
| | 6.21 | 51.03 | 42.76 | | | | |
